# هەڵبژاردنەکانی ٩/٢١ و دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو

د. بورهان أ. یاسین
٢٠١٣/١٠/٥

**ناوەڕۆکی باس:**

دەسپێك
پێشینەیەکی پێویست
هەڵبژاردنەکانی ٢١ی سیپتەمبەر
ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٩/٢١ و پێکهێنانی حکومەت
حکومەتی بنکەفراوان و سیناریۆکانی
دەرئەنجام

---

## دەستپێك

مەبەست لەم نوسراوە ئەوە نیە کە لە هەموو ڕەهەندەکانی هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی بڕوانم و گفتوگۆیان لەسەر بکەم. مەبەست زیاتر ئەوەیە هەندێك تیشك بخەمە سەر مەسەلەیەکی هەرە هەنووکەیی، ئەویش پێکهێنانی حکومەتە. لەم بارەیەشەوە هەوڵی ئەوە نادەم کە هەموو سیناریۆ(١) و ئەگەرەکانی دروستکردنی حکومەتی داهاتوو، کە هەنگاوێکی ئاڵۆزە، باس بکەم بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدەم زیاتر یەکێ لە سیناریۆکان کە ئەویش سیناریۆی حومەتی بنکەفراونە، بکەمە ئامانجی باس.

تێزی سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە کە هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنە بە شکستێکی گەورەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەواو بوو، بەڵام هەر یەکێتیش لە زۆر ڕووەوە دەتوانێ هێزی یەکلاکەرەوە بێت لە سیناریۆی پێکهێنانی بنکە فراواندا. ئەمەش بۆخۆی موفارەقە (پەرادۆکس)ێکی سیاسییە، بە مانای ئەوەی کە لە لایەکەوە ئەم حزبە شکستێکی گەورەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەرکەوتووە کەچی، لە لایەکی ترەوە، هەڵوێستی ئەم حیزبە یەکلاکەرەوە دەبێت لە دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو. دیوێکی گرنگی ئەو تێزەش ئەوەیە کە هەر هەنگاوێکی یەکێتی لە ئاراستەی دروستکردنی حکومەتی داهاتوودا کاریگەری لەسەر کۆمەڵێك ڕەهەند دادەنێت.

یەکێکیشیان ئەوەیە کە هەر بژاردەیەك کە یەکێتی دەستیبۆببات دەبێتە هۆی دەرهاوێشتەیەکی جیاواز، روو لە ئەگەری هەڵسانەوەی یەکێتی یا دژەکەی واتە دارمان و شکستی زێتری ئەو حیزبە.

دیوێکی جەختکردنەوە لەسەر باسی حکومەتی بنکە فراوان ئەوەیە کە سیناریۆکانی دەرەوەی سیناریۆی حکومەتی بنکە فراوان، تا رادەیەکی زۆر، بژاردەی لاوازن، *بەڵام ناڵێم مومکین نین یا روونادەن*. گرنگترین بەهانەکانی لەدەرەوە هێشتنەوەی سیناریۆکانی تری دەرەوەی سیناریۆی حکومەتی بنکەفراوان ئەمامەن: ١) نە پارتی قەبووڵی دەکات کە بەبێ ئەو حکومەت دروستبکرێ وە نەش لە رووی کردارەوە ئاسانە حکومەت بەبێ ئەو حزبە پێکبهێنرێت؛ ٢) لەوانەیە چارەسەرێکی باش بۆ یەکێتی هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤی ئۆپۆزیسیۆنبوون بێت، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم ئەم بژاردەیە بۆ یەکێتی ئاسان بێت. ئەگەر لە رووی تیوریشەوە بخوازێ ئەوە بکات، بەڵام بە کردار ئەستەمە ئەوەی بۆ بچێتەسەر. بەهانەیەکی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە کە ئەم حیزبە خاوەنی لەشکرێکە لە مووچەخۆر و دامەزراوە کە ناتوانێ لە ئۆپۆزیسۆنبووندا لە رووی ئابووریەوە دەستیانپێوەبگرێ و بیانپارێزێ؛ ٣) لە دروستکردنی هەر حکومەتێکدا ئاسان نیە ئۆپۆزیسیۆن (هەرسێ هێزەکە) لە دەرەوەی پرۆژەی دامەزراندنی حکومەت بهێڵرێنەوە، زۆر بە تایبەتی گۆڕان بەو قورسایی و کاریگەریە تایبەتییەی کە هەیەتی؛ ٤) چوونە ناوەوەی گۆڕان لە هەر حکومەتێك بە ئەگەری زۆر دوو هێزەکەی تری ئۆپۆزیسیۆنیش لەگەڵ خۆی دەباتە ناو حکومەت؛ نەك بەو مانایەی کە بە زەروورەت ئەم دوو هێزە وابەستەی بڕیاری گۆڕانن، بەڵکو لەبەر ئەو لۆژیکەی کە دەخوازێ بڵێ "ئەگەر گۆڕان لەسەر هەندێ مەرج بۆ درووستکردنی حکومەت رێککەوت ئەوا بۆ دوو لایەنەکەی تری ئۆپۆزیسیۆنیش ئاسانە چوونە ناو ئەو جۆرە لە حکومەت." بە مانایەکی تریش، ئیتر، ئەگەر گۆڕان بژاردەی وەرگرتنی دەسەڵاتی حکومەتی هەڵبژارد، لەدەرەوە مانەوە بۆ ئەو دوو هێزە ئەستەم دەبێ، یا هەرنەبێ ئاسان نابێ؛ ٥) ئەگەر چی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بەدامەزراوکردنی کۆمەڵگا و راگواستنی دیمۆکراسیدایە، بەڵام لە لایەنی ترەوە ئەم هەرێمە، روو لەدەرەوە، هێشتان لە قۆناغی بزاڤی رزگاریخوازی دایە و بە تایبەتیش مەسەلەی گەڕاندنەوەی، کەم یا زۆر، ٤٠%ی خاکی هەرێمی کوردستان. ئەمەش یەکێکە لە بەهانە گرنگەکانی دەستبردن بۆ بژاردەی حکومەتی بنکەفراوان لە بری حکومەتێکی کەمینە وەیا حکومەتی زۆرینەی سادە؛ ٦) بە ئەگەری یەکجار زۆر حکومەتێکی بنکەفراوان، کە هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن لە خۆی بگرێ، دەتوانێ ببێ بە سەرچاوەی بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان روو لە بەغدا وە ببێتە هۆی درێژکردنەوەی کاری هاوبەش (لە کوردستان) وە بردنی بۆ ناو حکومەت و پەرلەمانی ناوەندی (لە بەغدا). بە مانایەکی تر، حکومەتێکی بنکەفراوانی بەهێز و توکمە دەتوانێ پێگەی

نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا بەهێزبکات و چارەسەرێکی باش بێت بۆ پەرتەوازەیی سیاسی کورد لە رەهەندە عیراقییەکەیەوە. ئەم بۆچوونە دەکرێ بە ئاسانی بخزێنرێتە ناو ئاستە ئیقلیمی و جیهانییەکانی پێگە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەو شەس بەهانەیەشی کە لە سەرەوە ئاماژەیانپێکرا، کە دەکرێ وە بانگەشە بۆ حکومەتی بنکەفراوان تێگەیشتنی بۆ بکرێ، نووسەری ئەم وتارە ناخوازێ بڵێ کە بە هەر بەها و نرخێك دەبێ حکومەتێکی بنکە فراوان پێکبهێنرێ. نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە رووی سیاسییەوە ***نەبوونی*** حکومەتێکی بنکە فراوانی خەراب، کە دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی هەموو ناتەندروستی و گەندەڵی و گەوجییەکانی فەرمانڕەوایی، ***زۆر لە بوونی باشترە***...

دامەزارندنی حکومەتێکی بنکە فراوان بە مەرجەکانی دەسەڵاتی کۆن (یا راستتر بڵێین بە مەرجەکانی پارتی و یەکێتی) وە بە تایبەتیش بە مەرجەکانی پارتی، نەك هەر رێگەخۆشکەر نابێ بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تەندروست، بەڵکو بگرە بە ئەگەری زۆر دەشبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، جوانییە بە دەستهاتووەکانی دوێنێشی لەدەست بدەن، کە جوانترینیان ئەو متمانە پڕ بەها و هێژایەیە کە بەشێکی زۆری جەماوەری خەڵکی کوردستان بەم بزاڤە و لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنیان بەخشیوە.

## پێشینەیەکی پێویست

لە کۆتایی ۲۰۰۹دا نووسراوێکم بڵاوکردەوە تیایدا ئەوەم جختکردەوە کە هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰۹/۷/۲۵ ئەرزهەژێکی سیاسی بوون(۲)، بە کۆمەڵێك دەرهاوێشتەوە کە خەڵك لە چوار ساڵی رابردوودا توانیان شایەدحاڵیان بن وە هەستیانپێبکەن. هەڵبەتە یەکێك لە دەرهاوێشتە هەرە گرنگەکان بوونی ئۆپۆزیسۆنێکی چالاك و کارا بوو **(زۆر بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان)**، کە بەشێکی گرنگی لە فەزا و پانتایی سیاسی لە کوردستان پڕکردەوە وە بۆ یەکەم جار سیستەمی سیاسی پێینایە قۆناغی گواستنەوە لە سیستەمێك، کە یەکڕەنگ بوو وە بە تەواوەتی کەوتبووە ژێر رکێف و هەژمونی دوو هێزی باڵادەست، بۆ سیستەمێك کە بۆ یەکەم جار جۆرێك لە هەمەڕەنگی و هەمدەنگی سیاسی تیادا بەدیکرا...

یەکێکیش لە هەرە دەرهاوێشتەکان ئەو راستییەیە کە ئیتر خەڵك دوای چوار ساڵ لە بوونی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بە زۆر لایەنی شاردراوە و نەزانراوی ژیانی سیاسی وڵاتەکەیان ئاشنا بوون... ئیتر دوای چوار ساڵ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادیەکان و مافی تاکەکان و بودجە و زۆر شتی تر بوونەتە وێردی رۆژانەی سەر زمانی خەڵکی کوردستان.

یەکێك لە هەرە جوانییەکانی ئەزموونی بوونی ئۆپۆزیسۆنێکی کارا، بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، لە چوار ساڵی رابردوودا ئەوەبووە کە ئیتر خەباتی مەدەنی لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگای باشووری کوردستاندا، **بە جوانترین شێوەکانی بەرجەستە بووە. . .** ئەمڕۆش دوای چەند ساڵێك لە تاقیکردنەوەی ئەم شێوە خەباتە، ئیتر ئەو راستییە باش سەلمێنرا کە تۆ پێویست ناکات خاوەنی هێزێکی چەکداری زۆر و زەبەند و کۆمەڵێك رێکخراوی هەواڵگری و سیخوریکردن و ئاسایشی حیزبی و ئامرازی ترساندن و تۆقاندن بیت بۆ ئەوەی بتوانی لە باشووری کوردستان سیاسەت بکەیت. دوای ئەم چوار ساڵە لە خەباتی مەدەنی، ئیتر کاتی ئەوەیە کە روو لە چوار ساڵی رابردوو ئەم جۆرە خەباتە وەك یەکێك لە هەرە جوانی و دەسکەوتە سیاسی و کولتورییەکانی کایەی سیاسی باشووری کوردستان ببینرێ. کاتی ئەوەش هاتووە، کە ئیتر روو لە داهاتوو، خەباتی مەدەنی وەك ستراتیژ نەك تەنها وەك تاکتیك، وە هەروەها وەك ***فەلسەفە و کولتوری سیاسی ناتوندوتیژی،*** نەك تەنها وەك مێتودێکی کاتی و کورتخایەنی خەباتکردن ببینرێ و مامەڵەی لەتەکدا بکرێ. کاتی ئەوەش هاتووە کە ئەم بەهایە گرنگە شۆڕبکریتەوە بۆ ناو جومگە گرنگەکانی کۆمەڵگا کە گرنگترینیان بوارەکانی میدیا و پەروەردەن.(٣)

ئەمڕۆ دوای چوار ساڵ لە بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و کاریگەر، بە ئاسانی دەتوانین ئەوە بڵێین کە یەك دانە ئۆپۆزیسیۆن هەیە، ئەویش ئۆپۆزیسیۆنێکی نیشتمانییە، نەك وەکوو دەسەڵات بەردەوام هەوڵیداوە ئۆپۆزیسیۆن ئەوها وێنابکات وەك ئەوەی دوو دانە ئۆپۆزیسیۆنی جیاواز بوونیان هەبێ، یەکێکیان ئۆپۆزیسیۆنی عەلمانی و ئەوەی تریشیان ئۆپۆزیسیۆنی دینی، یاخود ئیسلامی. پلاتفۆڕمێك کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەری کۆدەبنەوە ئەوەیە کە خواست و باوەڕێکی قوڵی هاوبەش لە لای هەر یەك (وە لە نێوان) هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەیە کە بەڵێ وڵاتی ئێمە دەبێ ببێ بە خاوەنی دەسەڵاتێکی نیشتیمانی و دادپەروەر و تەندروست و چاکساز، دەسەڵاتێك کە پارێزەری ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانی هاونیشتمانییان بێت. . ئەمڕۆ دوای چوار ساڵ، ئەم ئۆپۆزیسیۆنە کەوتۆتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر گرنگ ئەویش مەسەلەی پەڕینەوەیە لە ئۆپۆزیسیۆنبوون بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات. سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن لە پاراستنی یەکڕیزی خۆی زۆر گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی حکومەتێك کە هەرنەبێ زۆربەی زۆری پێداگیرییەکانی ئۆپۆزیسیۆن (لە چاکسازی و گۆڕانکاری و تەندروستکردنی دەسەڵاتی سیاسی) لەخۆبگرێ. شکستی ئۆپۆزیسیۆن لە رۆژانی داهاتوودا لە پاراستنی ئەو یەکڕیزییە زیانێکی زۆر بە هەر یەکێك لەو هێزانە و (ئۆپۆزیسیۆن وەکو کۆ) و بە تایبەتیش بە ئەزموونی باشووری کوردستان دەگەیێنێ. مەرجێکیش بۆ ئەوەی ئەم لێکترازانە روونەدات ئەوەیە کە پێویستە ئەمڕۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێشبڕکێیان لەسەر پاراستنی ئەو پێداگیریانە بێت نەك هەڵپە کردن و پێشبڕکێکردن بۆ چوونە ناو

دەسەڵاتەوە. بەم مانایەش رازیبوون بە هەندێك پێشمەرجی پارتی كە بە ئەگەری زۆر قەبووڵكردنی ئەو پێشمەرجانە نەك هەر دەبێتە رێگر لە بەردەم بەدەستهێنانی هەندێ جوانی تر لە كایەی سیاسیدا، بەڵكو بگرە دەشبێتە هۆی لەدەستدانی زۆرێك لەو جوانییانەش كە لە چوار ساڵی رابردوودا بەدەستهاتوون!

## هەڵبژاردنەكانی ٢١ی سیپتەمبەر

بە هەڵبژاردنەكانی هەرە دوایی پەرلەمان، باشووری كوردستان هەڵبژاردنێكی تریشی خستە سەر ژمارەی ئەو هەڵبژاردنانەی كە پێشتر ئەنجامدراون. . . ئێستا دەتوانین بە ئاسانی بڵێین كە ئەرزهەژەكەی ٢٠٠٩/٧/٢٥ فراوانتر و قوڵتر بوویەوە و ئەو گۆڕانكارییەی كە لە هەڵبژادنەكانی ٢٠٠٩دا بەسەر پانتایی و كایەی سیاسی و مەرجەكانی سیاسەتكردن لە باشووری كوردستاندا هاتن، ئەمڕۆ وەك دەرهاوێشتەی هەڵبژاردنەكانی هەرە دوایی، جێگیر بوون و بوون بە دیاردە. ئیتر لەوە دەرچووە، وەك دوو هێزەكەی دەسەڵات بەردەوام ویستوویانە بڵێن، كە گوایە ئەوەی لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا تەنها كەفوكوڵێكی كاتی بوو. ئەوەی روویدا نەك هەر كەفوكوڵ نەبوو، بەڵكو وەرچەرخانێكی زۆر پێویست و گرنگ بوو، وە سەرەتایەكی سەركەوتوو بوو بۆ دانان و جێگیركردنی هەندێك بنەمای گرنگ لە سیاسەتكردن و شێوازی رێكخستن و ئیدارەدانی فەزای سیاسی لە كوردستان، كە دواجار مەبەستی سەرەكی لێی بە دیمۆكراتیزەكردنێكی راستەقینەی ئەو فەزا و پانتاییەیە. رەهەندێكی گرنگی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە ئیتر نەفەسدرێژی لە داهێنانی سیاسی و سیاسەتكردندا جێگەی بە نەفەسكورتییەكەی دەسەڵات لە "كەفوكوڵ" و بیركردنەوە لەسەر بنەماكانی پیلانگێڕی و كودەتا و كودەتاكاری لەقكردووە. سەرقافڵەی دیاردە سیاسییە جوانەكان، كە پێویستی بە نەفەسی درێژ هەیە، گۆڕانكارییە لە مێتۆد بۆ ئامرازی خەباتی سیاسی (واتە خەباتی مەدەنی)، خەباتێك كە لە بری كوشتن و بێدەنگكردنی توانا و وزەكان، دەخوازێ توانای داهێنانی تاكەكان ئازاد بكات و پەرەیان پێبدات. . . نەك هەر ئەوە بەڵكو ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا روویدا ئەوە بوو كە ئیتر بۆ هەڵبژاردنی چوار ساڵی داهاتوو بە ئەگەری زۆر فەزای سیاسی باشووری كوردستان گۆڕانكاری ئەوهای بەسەردابێت كە ئەمڕۆ تەسەوركردنی ئاسان نییە: بە كورتی ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە بە شكستێكی مێژوویی بۆ یەكێتی تەواو بوو، دەكرێ هەڵبژاردنی داهاتوو بە پاشەكشەیێكی مێژوویی بۆ پارتیش (هەڵبەتە پارتی بەبێ دەرفەتی ساختەكاری لە هەڵبژاردندا) تەواو ببێ. هەر لە ئێستاشەوە باشترین بژاردە لەبەردەم پارتی ئەوەیە كە ئیتر واز لە پەتای لوتبەرزی سیاسی و داگیركردن و شێواندنی مێژوو و خوێندنەوەی رووداوەكان بە نەفەسی پیلانگێری و دوژمناندنی و تەخوینكردنی ئەوانی تر بهێنێ

و خۆشی رابێنێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە روویان لە ناوچە و کۆمەڵگای کوردەواری کردوە. چیتر پارتی ناتوانێ دەرگای ژوورێك مەحکەم بکات کە دیوارەکانی رووخاون!

دەتوانین بڵێین کە یەکێك لە دەرهاوێشتە هەرە گرنگەکانی هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی ئەوەبوو کە سیستەمی ٥٠ بە ٥٠ی پارتی و یەکێتی (بە هەر حاڵ وەکوو ژمارە) تێکشکا. ئیتر ئەمڕۆ پانتایی سیاسی هەمەڕەنگییێك بەخۆوە دەبینێ کە بە ئەگەری یەکجار زۆر تەنها دوو لایەن ناتوانن بە تەنیا و بەبێ لایەنەکانی تر حکومەت لە پانتاییە هەمەڕەنگەدا پێکبهێنن. . .

ئەگەر لە چوار ساڵی رابردووشدا بۆ پارتی و یەکێتی چووبێتە سەر کە مۆنۆپۆلی دەسەڵات بکەن (لە شێوەی ٥٠ بە ٥٠)، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا لەسەر حسێبی چۆکپێدادان و پاشکۆییبوونی یەکێتی بۆ پارتی بووە، ئەو پاشکۆبوونەی کە لە ٣٠ حوزەیراندا گەیشت بە یەکێك لە لوتکە هەرە ترسناکەکانی. ئێستا ئیتر یا ئەوەتا ئەم دابەشکردنی دەسەڵاتە (لە نێوان پارتی و یەکێتیدا) کۆتاییهات، یا گەر ئەمرۆش سەرلەنوێ بەردەوامی پێبدرێ ئەوا بێگومان جارێکی تر لەسەر حسێبی یەکێتی و ئەزموونی دیمۆکراتیزەکردنی باشووری کوردستان دەبێت. بگرە ئەم جارەیان چۆکپێدادانەکانی یەکێتی بە ئەگەری زۆر بە لوتکەی ترسناکتریش لەوەی ٣٠ حوزەیران دەگات وە یەکێك لەو لوتکانەش دەکرێ تێپەڕاندنی دەستوور بێت بەو ناوەرۆك و شێوازەی کە پارتی دەیخوازێت. بەم مانایەش ئەگەر ئەم جارە یەکێتی قەبوڵ بکات لەگەڵ پارتی، وە ***بە مەرجەکانی پارتی،*** حکومەت دروستبکات ئەوا بەئەگەری زۆر بۆ چوار ساڵی تر یەکێتی شکستێکی بەر دەکەوێ کە ئیتر لەوانەیە ببێ بە حیزبێك لە قەوارەی زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و حیزبە هاو قەوارەکانیان.

تێکشکانی ئەو مۆنۆپۆلەی پارتی و یەکێتی وە گەیشتی بزاڤی گۆڕان بە پێگەی دووەم لە ریزبەندی حیزبە سیاسییەکان و پاڵدانی یەکێتی بۆ پێگەی سێهەم پێشوەچوونێکی گرنگ بوو. ئاکامێکی ئەو جێگۆڕکێیە ئەوەیە کە ئیتر هەر لایەنێك حکومەت دابمەزرێنێ ناتوانێ ئۆپۆزیسۆن، وە زۆر بە تایبەتیش بزاڤی گۆڕان، بە نادیدە بگرێ.

لەلایەکی ترەوە هەر زوو وا باشە کە بزاڤی گۆڕان پەیامێکی بێ سێ و دوو و راشکاوانە بدات بە هەموو لایەك (بە ئەندام و لایەنگرانی، بە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، وە بە دەسەڵات – بە تایبەتی پارتی) کە بەڵێ راستە گۆڕان هەر بەر لە هەڵبژاردنەکان باسی ئەوەی کردووە کە دەسەڵات وەردەگرێ وە ئەوەش راستە کە گوتراوە بەبێ گۆڕان ناکرێ حکومەت دروستبکرێ، بەڵام لە لایەکی ترەوە پێویستە گۆڕان بەر لە هەمووان ئەوە جختبکاتەوە کە گۆڕان ناچێتە ناو حکومەتێکەوە کە ببێتە هۆی چۆکپێدادانی، ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی لە پرەنسیپ

و پەیامە سەرەکیەکانی، ببێتە هۆی ئەوەی کە بۆ هێزێکی تر ببێ بە پاشکۆ: بە کورتی گرنگە بگوترێ کە گۆڕان ئامادە نییە ئەزموونی یەکێتی دووبارە بکاتەوە، بەڵکو چۆن لە ئۆپۆزیسیۆنبووندا ژمارەیەکی جیاواز بوو هەر بە هەمان شێوەش دەخوازێ لە دەسەڵاتیشدا بەردەوامی بەو "جیاوازییەی" خۆی بدات. گۆڕان پێویستە هەرچی زووە ئەوە بە هەموو بارێکدا روونبکاتەوە کە بە لای گۆڕانەوە ئەوە گرنگە کە پرۆگرم و پایە سیاسییەکانی خۆی بپارێزێ و بیانخاتە بواری جێبەجێکردن بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان. ئەگەر ئەم خزمەتەش لە رێگای دەسەڵاتێکی تەندروست و دادپەروەرەوە بێت، ئەوا هەر گیز لە وەرگرتنی دەسەڵاتێکی ئەوها دوودڵی ناکات. کەواتە دیوەکەی تری ئەو پەیامە ئەوەیە کە "ئەگەر دەسەڵاتێکی ئەوها فەراهەم نەبوو ئەوا ئەو بزاڤە هەرگیز دوودڵی ناکات لەوەی کە بە شێوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و پڕ مەبەست و پڕ مانا بمێنێتەوە."

لە لایەکی ترەوە، مخابن کە ئەم جارەش نەتواندرا لە هەڵبژاردنەکاندا رێگری لە ساختەکاری، بە تایبەتی ساختەکاری پارتی، بگیرێ، ئەگەر چی هەوڵی جیددیش لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە درا بە ئاراستەی رێگری لەو ساختەکارییە. ئەمرۆش دوای ٢١ یا ٢٢ ساڵ لە فەرمانڕەوایی خۆماڵی کوردی، ئەوەتا ئێستاش وەك هەر کاتێك، بگرە ئەمڕۆ زیاتریش لە هەر کاتێکی تر، بڕبڕەی پشتی بردنەوەی پارتی لە هەڵبژاردنەکان ساختەکارییە. ئەم ساختەکارییە لە قەوارە و ئاستێك دایە ئیتر دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی کوردی، بە تایبەتی دەسەڵاتی پارتی، بوونەتە هۆی داهێنانی چمکێکی نوێ لە زانستی سیاسیدا کە ئەویش (ساختەکراسی)یە، واتە فەرمانڕەواییەك کە سەرچاوەی هێزی خۆی لە ساختەکاریدا دەبینێتەوە. بەشێکیش لەو سیستەمی (ساختەکراتی)یە ئەوەیە کە ئەگەری ئەوە دەکرێ کە "لە جیاتی و بە ناوی" مردوان بە ژمارەیەکی ئەوەندە دەنگ دراوە کە ئیتر دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی کوردی بووە بە سەرچاوەی داهێنانی چەمکێکی تریش کە ئەویش (مردوکراسی)یە(٤)، واتە "فەرمانڕەوایی مردووەکان"! هەڵبەتە یەکێکیش لە ئامرازەکانی ساختەکاری بەخەراب بەکاربردنی کوردانی بەشەکانی تری کوردستانە.(٥)

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٩/٢١ و پێکهێنانی حکومەت

لە هەلبژاردنەکاندا بەدەستهێنانی ژمارەیەك لە کورسی شتێکە، بەڵام توانست لە کارکردن و یاریکردنی سیاسی بەو ژمارانە بەرەو پێکهێنانی حکومەت بە تەواوەتی شتێکی ترە. یەکسەر لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا (واتە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥) دامەزراندنی حکومەت کارێکی زۆر ئەستەم نەبوو، چونکە بەبێ هەڵبژاردنیش دەکرا لەسەر بنچینەی ٥٠ بە ٥٠ دەسەڵات لە نێوان پارتی و یەکێتی دابمەزرایە

بە تایبەتی لەسەر بنچینەی ئەوەی پێیدەگوترێ هاوپەیمانی ستراتیژی. بەڵام ئەم جارەیان زۆر جیاوازە، جیاوازییەکەش لەوەدایە کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هاوسەنگی هێز روویداوە، وەك دەرهاویشتەی هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی.

بەم مانایەش، ئەم جارەیان دامەزراندنی حکومەت نەك هەر ئاسان نابێت بەڵکو لەوەدەچێت زۆر قورس و پڕ لە کێشمەکێش بێت. یەکێك لەو کێشانەی کە لە هەڵبژاردنەکان کەوتۆتەوە نەك هەر ئەوەیە کە لایەنێکی دەسەڵات (واتە یەکێتی) بە شێوەیەکی ریشەیی بچووکبۆتەوە و جێگاکەشی لە ریزبەندی هێزە سیاسییەکان بۆ بزاڤی گۆڕان جێهێشتووە، بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەیە کە لایەنەکەی تری دەسەڵات (واتە پارتی) لەسەر دوو بنەمای زۆر ناتەندروست لە مەسەلەی دروستکردنی حکومەت نزیکدەبێتەوە کە هەردوکیشیان کێشەن و دەشتوانن ببن بە بەربەستی هەرە گەورە لە سەر رێگای دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو، ئەوانیش: ١) لوتبەرزی سیاسی پارتی؛ و ٢) ترسی پارتی لە قەوارە و کاریگەری هێزەکانی تر، بە تایبەتی هی بزاڤی گۆڕان: یەکەمیان دەتوانێ هەڵقولاوی کۆمەڵێك راستی بێت کە گرنگترینیان باوەڕ بوونی پارتییە بەوەی کە ئەو حزبە " هێزە هەرە مێژووییەکەیە" و گەورەیی ئەو لە مێژودا رێگا بە بچووکبوونەوەی ئەم حیزبە لە کایەی سیاسیدا نادات.(٦) بە مانایەکی تر، پارتی دەخوازێ بڵێ کە لەبەر ئەوەی لە مێژوودا گەورە بووە دەبێ لە پانتایی و روانگەی سیاسیشدا، ئەمرۆ و لە داهاتووشدا، هەر بە گەورەیی و باڵادەستی سیاسی بمێنێتەوە. ئەوەی دووەمیشیان (واتە بەربەستەکەی تریشیان) روانینی ئەو حزبەیە بە ترس و گومانێکی زۆرەوە لە هەر باسێك کە هێزەکانی تر لەمەڕ دروستکردنی حکومەت بیکەن وە هەر هەوڵێك لەم ئاڕاستەیەدا بیدەن. لە راستیدا زۆریش مەترسیدارە کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی (محەممەد مەحمود) بەر لە چەند رۆژێك بۆچوونێکی زۆر مەترسیداری جەختکردەوە کە پارتی هەر هەوڵێك (کە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆن و یەکێتی بۆ دروستکردنی حکومەت بدرێ) بە پیلانگێڕی دژی خۆی دەزانی. ئەمە رێك ئەو عەقلیەتەیە کە پێماندەڵێ کە نەك هەر پارتی حکومەتێك قەبووڵ ناکات کە خۆی تیایدا نەبێ، و بگرە تیاشیدا باڵا دەست نەبێت، بەڵکو ترسناکتر ئەوەیە کە پارتی ئەو جۆرە هەولانە بە "پیلان دژی خۆی" لەقەڵەم دەدا و لەسەر ئەم بۆچوونە پڕاوپڕ لە ترس و گومان بینادەکات. ئەم شێوە گووتارە هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە بۆ ئەو لایەنانەی کە تەنانەت "بیر لەوە دەکەنەوە" کە لە دەرەوەی ئیرادەی پارتی باس لە دروستکردنی حکومەت دەکەن. لە راستیدا دەتوانین هەندێك دوورتر بڕۆین و بڵێین کە ئەم جۆرە زمانە هی راگەیاندنی ناڕاستەوخۆی شەڕە لە بەرامبەر ئەو لایەنانەدا کە ئەسڵەن "بوێری دەکەن" باس لە دروستکردنی حکومەت، بەبێ پارتی، بکەن!

## حکومەتی بنکەفراوان و سیناریۆکانی

نوسەری ئەم وتارە یەکێك بووە لەوانەی کە لە چوار ساڵی رابردوودا دەستپێشخەرییەکانی دەسەلآتی لە دامەزراندنی حکومەتی بنکەفراوان بە فێلێکی سیاسی بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی بەرامبەر بە بزاڤی گۆڕان، زانیووە. بەڵام ئەمڕۆ دوای هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی روانگەی سیاسی ئەوەندە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ئیتر چیتر باسکردن لە بژاردەی "وەرگرتنی" دەسەلآت لە رێگەی قەبووڵکردنی حکومەتی بنکەفراوان ئەو بژاردە نەخوازراوە نییە، بە تایبەتیش لەبەر چەند هۆیەك: ١) تێکشکانی هاوکێشە سەقەتەکەی ٥٠ بە ٥٠ ی یەکێتی و پارتی. هەرچەندە دووریش نیە کە جارێکی تر پارتی بژاردەی ٥٠ بە ٥٠ بخاتەوە بەردەستی یەکێتی، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە هەرنەبێ دوو شتن: یەکێکیان ئەوەی کە ئەم جارەیان ئاسان نییە لایەنی یەکێتی، هەرنەبێ بەشێك لە سەرکردایەتییەکەی و کادیرەکانی، بەوە رازی بن کە لە گەڵ پارتی بە تەنیا حکومەت دروستبکەنەوە وە دووهەمیشیان ئەوەیە بارودۆخێ سیاسی کوردستان و ئەو کێشە چارەنووسسازانەی کە لە پێشەوەن و پێویستیان بە چارەسەری هەیە، وەك ئەوەی دەستوور، وا دەکات کە ئەستەم بێت بە زۆرینەیەکی سادە(٥٠+١) حکومەت دابمەزرێ؛ ٢) ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە ئەندامانی یەکێتی لەوە باش ئاگادارن کە قەبووڵکردنی دامەزراندنی حکومەت لەگەڵ پارتی بە مانای خۆکوژییەکی سیاسی دێت. راستە ئەم بژاردەی دروستکردنی حکومەت لەگەڵ پارتی بەرژەوەندی پەرست و پێگەو پارەپەرستانی ناو سەرکردایەتی یەکێتی پڕ پارەتر و "تێرتر" دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی داڕمانی زێتری ئەو حیزبەش؛ ٣) بزاڤی گۆڕان، لە چوار ساڵی رابردوودا قۆناغی خۆتوکمەکردنی بڕی: نەك هەر متمانەی بەشێکی لە خەڵکی کوردستان (بە بەراورد لەگەڵ بەدەستهاتووەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩) لەدەست نەدا، بەڵکو ئەو متمانەیەی زێدەتر و توکمەتر کرد. جگە لەوەش، دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەمڕۆ ئەو بزاڤە دەتوانێ بە پشتڕاستییەکی زۆرەوە حکومەت وەرگرێ وە لە تەندروستکردن و سەرخستنیشیدا رۆڵی کارای هەبێ.

وەك پێشتر گوترا، مەبەستی سەرەکی لەم نووسراوەی بەردەستدا ئەوەیە کە تیشکبخرێتە سەر سیناریۆکانی حکومەتی بنکەفراوان نەك هەر هەموو سیناریۆکان:

١) **حکومەتی بنکەفراوان کە دەستپێشخەرەکەی پارتی بێت:** لەو پێگەیەی کە بەدەستیهێناوە، کە یەکەمە لە ریزبەندی هێزەکاندا، پارتی بە ئەگەری زۆر دەستپێشخەرییێك دەکات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی بنکەفراوان. ئەوەی هەر ئێستا، بە دڵنیاییێکی زۆرەوە، دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە لە سیناریۆیێکی ئەوهادا پارتی کۆمەڵێك مەرج دادەنێ کە بە تایبەتی بۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن قەبووڵکردنیان ئەستەمە، کە گرنگترینیان بوارەکانی دەستوور، چاکسازی بنەڕەتی،

جیاکردنەوەی حیزب لە دەوڵەت وە هەندێك فایلی زۆر هەستیار وەك نەوت و ئاسایش و ... هتد. ئەگەر پارتی ئەم دەستپێشخەرییە بکات و پێداگری لەسەر مەرجەکانی خۆی بکات، ئەوا هەر زوو دەکرێ باس لە بنبەستێك بکەین کە خۆلادان لێی و بازبەسەردانی ئاسان نابێت و کێشەیەکیشە کە چارەسەرکردنی ئەستەم دەبێت. لە سیناریۆیەکی ئەوهادا هەڵوێستێکی یەکێتی "نزیکتر لە هەڵوێستی پارتی تا لە هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆن" دەتوانێ سیناریۆکە ئاڵۆزتر بکات و کاری ئۆپۆزیسیۆن لە مامەڵەکردن لەگەڵ بژاردەکە قورستر و ئالۆزتر بکات. لەوەدەچێ شتێکی باش کە سێ لەیەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن بیکەن ئەوەبێ کە هەر زوو گفتوگۆکانیان لەگەڵ یەکتردا چڕ بکەنەوە و هەرنەبێ ئەو ئاماژە و پەیامە بە روونی بدەن بە لایەنی پارتی. گرنگترینیشیان ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆن چۆن یەك دانە بووە هەروەهاش بە یەکڕیزی دەمێنێتەوە و لە دروستکردنی حکومەتیشدا هەرنەبێ کۆکن لەسەر کۆمەڵێك هێڵی گشتی، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر پرەنسیپی و گرنگ، کە بۆ دەسەڵاتی داهاتو چارەنووسسازن. گرنگە هەر زوو ئەوە لە پارتی بگەیێندرێ کە ئەوەی بۆ پارتی لەگەڵ یەکێتی چووە سەر هەرگیز لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا بۆی ناچێتەسەر وە باشترین پەیامیش لەو ئاراستەیەدا ئەوەیە کە هەموو پرۆژە و دروشم و پەیامەکانی چاکسازی، کە ئۆپۆزیسیۆن لە ماوەی رابردوودا بەرزیکردونەتەوە، تەنها بۆ ئەوە نەبووە کە جەماوەری پێ کۆبکاتەوە و جۆشوخرۆشی بدات، بەڵکو رێك بۆ ئەوە بووە کە لە چوارچیوەی دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا بیانخاتە بواری کردار و کارپێکردن؛

٢) **حکومەتی بنکەفراوان بە دەستپێشخەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان:** من بە دووری نازانم کە یەکێتی، یائەوەتا وەك هەوڵێك بۆ خۆدەربازکردن لەو شکستەی کە تێیکەوتووە وە یا بە پاڵدانی ناڕاستەوخۆی پارتی، رۆلی "ناوبژیوانی" یا "دەستپێشخەر" ببینێ لە بانگهێشتکردنی لایەنەکان بۆ حکومەتی بنکەفراوان. هەوڵێکی ئەوها یەکەم هەوڵ نابێ لەو جۆرە کە یەکێتی لە رێگەیەوە ویستبێتی پێگەی خۆی لە رێگەی نواندنی "هێزی میانڕەو" بەهێز بکات. کێشمەکێشەکانی دەستوور، ماوەیەکی کەم بەر لە هەڵبژاردنەکان، کە تیایدا دوو هێڵی زۆر لە یەك جیا (یەکێکیان ئۆپۆزیسیۆن وە ئەویتریشیان پارتی) دەرکەوتن بەڵام سێهەمیان هی یەکێتی بوو کە لە "هەڵوێستێکی زۆر تەماویدا" پێداگری لەسەر سازانێکی "تەماوی" هێنایە گۆڕێ. ئەم هەوڵە نەك هەر پەیوەندی بە خودی دەستورەوە هەبوو، بەڵکو تەماویبوونی هەوڵەکە شێوەیەکیش بوو لە سیاسەتکردن کە لە رێگەیەوە یەکێتی وایدەزانی دەتوانێ "لەیەکگەیشتنی دەباشان" لە لایەك وە هاوپەیمانی ستراتیژی لە لایەکی تر بپارێزێ و گونجاندنێك لە نێواندیاندا فەراهەمبکات. بەڵام دەرهاوێشتەکەی ٣٠ حوزەیران لە درێژکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم و سپاردنی دەستووریش بە ***ناڕوونی و تاریکییەکی زۆر*** شکستی یەکێتی لەو سیاسەتە

تەماوی و "میانڕەوەدا" گەیشتە یەکێك لە لوتکە هەرە ترسناکەکانی. دواجار بە پێی هەندێکیش لە دەنگەکانی ناو سەرکردایەتی یەکێتی و کادیرانی ئەو حیزبە هەر ٣٠ حوزەیرانە کە بەرپرسە لە شکستی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی هەرە دواییدا. بە تەقدیری یەکجار زۆر دەستبردنی یەکێتی بۆ هەوڵێکی تری میانڕەوی (بەڵام تەماوی)، جا بە مەبەستی بەدەستهێنانی پێگەیەکی باشتر بێت لە چاوی خەڵکدا یا بە پاڵدانی پارتی (وەك پاڵدانەکەی ٣٠ حوزەیران) ئەو کارە بکات، دەرئەنجام لە ٣٠ حوزەیران زۆر باشتر نابێت؛

**٣) حکومەتی بنکەفراوان بە دەستپێشخەری یەکێتی و ئۆپۆزیسیۆن بە یەکەوە:**
لەوانەیە لەسەرەتادا بۆ هاوێشتنی هەنگاوێکی ئەوها ڕێگرییەکی نەفسی لە لای یەکێتییەوە هەبێ، بە تایبەتیش ئەگەر بزاقی گۆڕان بە سەرچاوەی شکستی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا بزانێ. ڕێگرێکی تری گرنگیش دەکرێ ئەوە بێ کە ئایا پارتی کاردانەوەی چی دەبێ کاتێ ببینێ یەکێتی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا گفتوگۆ دەکات بە مەبەستێکی ئەوها. بە باوەڕی خۆم ئەگەر ئۆپۆزیسۆن بیری لە هاوکاری لەگەڵ یەکێتی کردبێتەوە، باشتر وایە بە ئاڕاستەی یەکڕیزی لەگەڵ یەکێتی بەڵام *بە مەبەستی حکومەتی بنکە فراوان بیکات*: ١) لە ڕووی ستراتیژییەوە حکومەتێکی بنکەفراوان، لەسەر بنچینەی پێکهاتنێکی پێشوەخت لە نێوان یەکێتی و ئۆپۆزیسیۆن لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی چاکسازی بنەڕەتی و گشتگیر، دەتوانێ زۆر شت بەدەست بهێنێت وە ئاشتەوایی بپارێزێ؛ ٢) لە ڕووی تاکتیکییەوە، پارتی ناتوانێ ئەو نزیکبوونەوەیەی یەکێتی لە ئۆپۆزیسیۆن بە "خیانەت و پاشقوڵگرتن" بەرامبەر خۆی بزانێ، یا هەر نەبێ ئەو ئاسانە نابێ شتێکی ئەوها بە ڕای گشتی بڵێ، چونکە لەم نزیکبوونەوەیە دواجار "مەبەست پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی و ئۆپۆزیسیۆن نییە بەڵکو مەبەست دامەزراندنی حکومەتێکی بنکە فراوانە." واتە بەم مانایە هەنگاوی یەکەم توکمەکردنی بەرەی یەکێتی و ئۆپۆزیسیۆنە بە ئاراستە و ئامانجی دوایی، کە ئەویش، لە هەنگاوی دووهەمدا، بانگهێشتکردنی پارتییە بۆ دروستکردنی حکومەتی بنکەفراوان. بەڵام ئەگەر لە هەنگاوی دووهەمدا پارتی ڕازینەبوو بە مەرجەکانی ئۆپۆزیسیۆن و یەکێتی بۆ دروستکردنی حکومەتی بنکەفراوان، ئەوا ئەو کاتە هەنگاوی سێهەم ئەوە دەبێ کە ئۆپۆزیسیۆن و یەکێتی (بەبێ پارتی) هەوڵی دروستکردنی حکومەت بدەن! لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ نیشاندانی نیەتی پاك لە لایەن یەکێتییەوە، پێویستە ئەو حیزبە پەیمانی ئەوە بدات کە لە سێ مانگی (یا شەش مانگ)ی یەکەمی حکومەتدا یەکێتی ئامادەیە هەموو هێزە چەکدارەکان و ئاسایشی سەر بەخۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵ و فەرمانی حکومەت، بەمەش بۆ یەکەم جار هەنگاوێکی چۆنایەتی دەهاوێژرێ لە داپڵۆسینێکی ڕاستەقینەی هێزە سیاسییەکان لە هێزە چەکدارەکانیان و دەزگا هەواڵگرییەکانیان. لە هەنگاوێکی ئەوهادا یەکێتی دەتوانێ براوە بێت چونکە ئەو سیناریۆیە تاکە

سیناریۆیەکە، یا هەرنەبێ باشترینییانە، کە تیایدا یەکێتی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی لە لایەك وە ئۆپۆزیسیۆن لە لایەکی ترەوە بپارێزی وە هەروەها خۆی لە پێگەیەك نەبینێتەوە کە تیایدا یا دەبێ "لەیەکگەیشتنی دەباشان" یا هاوپەیمانی "ستراتیژی" هەڵبژێرێ، وە بەمەش ریزەکانی ناوخۆی حیزبەکە باشتر بپارێزێ؛

**٤) حکومەتی بنکەفراوان بە دەستپێشخەری ئۆپۆزیسیۆن:** ئەمەش شێوازێکی ترە لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکومەتی بنکەفراوان کە دەکرێ هەر لە سەرەتادا بەرەورووی هەندێ گرفت و کۆسپی جددی ببێتەوە کە یەکێکیان پاڵدانێکی نەخوازراوی یەکێتییە بە ئاراستەی نزیکبوونەوەی زێتر لە پارتی. ئەم دەرهاوێشتە نەخوازراوەش دەکرێ خۆی لێ بەدووربگیرێ لە رێگای، هەر زوو، خوێندنەوەی یەکێتی وەکوو، بە هەر حاڵ، هێزێکی نزیکتر لە ئۆپۆزیسیۆن تا لە پارتی. بە هەموو بارێکدا پێویست ناکات ئۆپۆزیسیۆن چاوەڕوانی دەستپێشخەری پارتی بێت بۆ دروستکردنی حکومەت، بەڵکو خۆی چالاکانە هەوڵی ئەوە بدات کە خۆی خاوەنی دەستپێشخەری بێت. لە سیاسەتدا هەندێك جار خۆت بە ئەنقەست قسە دەکەیت بۆ ئەوەی ئەوانی تر بە قسە بێنیت وە هەندێك جاریش بۆ ئەوەی خۆت بکەیت بە ناوەند بۆ گەڕانەوە تا ئەوانی تر خۆیان نەکردوە بە ناوەندە!

## دەرئەنجام

هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك دەرهاوێشتەی گرنگی لێکەوتنەوە کە دەکرێ گرنگترینیان بەرجەستەکردن و توکمەکردن و فراوانکردنی کۆمەڵێك گۆڕانکاری بوو، کە هەرزوو لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا دەرکەوتن. مەسەلەیەکی زۆر گرنگیش تێکشکاندنی هاوکێشەی دزێوی دەسەڵاتداری و مۆنۆپۆلکاری فەرمارەوایی بوو، لە شێوەی کۆتاییهێنان بە ٥٠ بە ٥٠، هەرنەبێ لەسەر ئاستی خودی ژمارەکان.

لە لایەکی ترەوە کاری قورس دوای هەڵبژاردنەکان دەستپێدەکات ئەویش مەسەلەی بەرجەستەکردنی ئەو ژمارانەیە کە لە هەڵبژاردندا بەدەستهاتوون لە شێوەی دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری نوێ.

لەم ئاراستەیەشدا شتێکی سەرنجراکێش ئەو راستییە کە هەرچەندە یەکێتی شکستی هەرە گەورەی بەرکەوتووە بەڵام، لە لایەکی ترەوە، دەکرێ لە هەوڵەکانی دامەزراندنی حکومەتدا ببێ بە ***یاریکەرێکی یەکلاکەرەوە***. راستە ئەمە موفارەقە (پەرادۆکس)ێکی سیاسییە، بەڵام هەندێك جار لە جیهانی سیاسەتدا هێزە سیاسییەکان نەك بە حوکمی ئەو ژمارەیەی کە لە هەڵبژاردن بەدەستیان هێناوە، بەڵکو بە هۆی کۆی پێدراوەکانی هاوکێشە هەرە فراوانەکە، هەندێ هێزی سیاسی

پێگەیەکی گرنگتریان دەبێ لەوەی کە تەنها لە ڕێگەی ژمارەوە تێگەیشتنی بۆ بکرێ. پرسیارێکی هەرە گرنگ ئەوەیە ئایا بە چ ئاراستەیەك یەکێتی دەخوازێ سوود لەو پێگەیەی وەربگرێ. وەڵامی ئەم پرسیارە هەروا ئاسان نییە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بە دڵنیاییەکی زۆرەوە ئەوە بڵێ کە دەرهاوێشتەکە وابەستەی هەرە کۆتایی هاوسەنگییەکانی هێزە لە ناو خودی یەکێتی: باڵادەستبوونی گروپی سوودمەند (لە پەیوەندی و هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی) بە ئەگەری زۆر یەکێتی پاڵدەدات بە ئاقاری هەڵدێرێکی ترسناکتر. بەڵام لە بەرامبەردا، باڵادەستبوونی ئەوانەی کە بە دلسۆزییەکی زۆرەوە دەخوازن یەکێتی دوارۆژێکی گەشتر و باشتری هەبێت، بە ئەگەری زۆر یەکێتی پاڵدەدەن بەرە و هەڵسانەوەو گەڕاندنەوەی "عافیەتی" سیاسی خۆی.

بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە، پێویستە ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، گوتارێکی هاوتەریبی هەبێ ئەویش ئەوەیە کە لە کاتێکدا بزاڤی گۆڕان باس لەوە دەکات کە دەسەڵات وەردەگرێ گرنگە لە هەمان کاتدا، لەبەر زۆر هۆ، ئەوەش بڵێت کە ئەگەر دەسەڵاتداربوون چۆکدادان بێت و ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنبوونیشمان زیاتر خزمەت بە خەڵك بکات لەوەی چوونە دەسەڵاتەوە، ئەوا بەبێ دوودڵییەوە ئۆپۆزیسیۆن هەڵدەبژێرێ. . . کۆتا گرنگە ئەوە جختبکرێتە کە "خزمەتکردن و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە چ پێگەیەك و جێگەیەك بێت ئێمە لەوێین، جا ئەو پیگەیە ناو دەسەڵات بێت یا دەرەوەی دەسەڵات"!

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە لە ئەگەری سەرکەوتنی گروپی باڵادەستی ناو مەکتەبی سیاسی یەکێتی، کە ناسراوە بە نزیکی لە پارتی و پاراستنی هاوپەیمانی ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسی خۆیان، بە ئەگەری زۆر دەبێتە هۆی دروستکردنی حکومەت لەسەر دەستی پارتی و یەکێتی. شتێك کە ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات ئەوەیە بەر لە هەڵبژاردنەکان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی (مەلا بەختیار) ئەوەی نەشاردەوە کە ڕاستە پارتی و یەکێتی بە لیستی جیاوازەوە بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەڵام دوای هەڵبژاردن "دەگەڕێنەوە سەر ڕێچکەی جارانیان،" واتە دەگەڕێنەوە سەر هاوپەیمانی ستراتیژی.

---

## پەراوێزەکان:

١) بۆ بینینی وتارێك دەربارەی ژمارەیەك سیناریۆ بڕوانە: هەستیار قادر، "هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەت ئاڵۆز دەبێت،" لە:
http://www.hawlati.co/archives/12682, axcess: 3/10/2013

٢) بۆ بینینی ئەم بابەتە بڕوانە: د. بورهان یاسین، "باشووری کوردستان دوای ٢٠٩٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە رووی داهاتوودا،" لە:
http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

٣) ناکرێ لێرەدا، لە دەرەوەی هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئاماژە بە هەوڵێکی گرنگی رادیۆی نەوا نەکەین، کە لە پرۆگرامێکی تایبەتدا و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ فکر و فەلسەفەی ناتوندوتیژی کردە بواری سەرەکی گفتوگۆ و قسەلەسەرکردن.

٤) ئەم دوو چمکی "ساختەکراسی" و "مردوکراسی" بۆ یەکەم جارە بەکاردەبرێن وە نووسەری ئەم وتارە وە لە رووی ئەکادیمییەوە بەر پرسە لە گونجان یا نەگونجانیان.

٥) بۆ نمونە بڕوانە، شارپرێس، "شار بە بەڵگە دەیسەلمێنێت: دەیان هەزار کوردی پارچەکانی تر لە هەڵبژاردنەکەی هەرێم مافی دەنگدانیان هەبووە،" لە:

http:www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=6973, access: 4/10/2013

هەر وەك پشتڕاستکردنەوەیەکیش بۆ روودانی ساختەکاری رێکخراو (سیستیماتیك) لە شەوی ٩/٢٣دا، یا خود ئەو رووداوەی بە "ئەلبیسەکە" ناسراوە، د. بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نێشتمانی کوردستان، لە کاردانەوەیەکی توند و راشکاناوەدا راگەیەندراوێکی لەسەر ئەم رووداوە بڵاوکردوە، کە بە باوەڕی خۆم ناونیشانی بڵاوکراوەکە زۆر شت لەسەر بابەتی ساختەکاری لە هەڵبژاردندا پشتڕاستدەکاتە. بڕوانە بەرهەم ساڵح، "هەر کەسێك بڕیاری خەڵك بگۆڕێت، شەرمەزاری و رسوایی بەخۆی دەگەیەنێت." لە:

http://www.hawlati.co/archives/11290, acceess: 24/9/2013

٦) لە ئاهەنگی دەستپێکردنی بانگەشەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان رایگەیاند کە "ماوەیەکە مێژوو و سەروەری پارتی کەوتۆتە بەر رق و کینە و دوژمنکاری." بەکاربردنی ئەم سێ وشەیە (رق و کینە و دوژمنکاری) بۆ حاڵەتێك، کە دەکرێ زۆر سروشتی بێت، واتە سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی مێژوو بە شێوەیەکی رخنەگرانە، هەرنەبێ هێمایەکی ترسناکە لە شێوازی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن کە دەگاتە ئاستی شێوازێك لە راگەیاندنی شەڕ لە بەرامبەر ئەوانەی کە هەڵگری ئەو هەڵوێستی دوژمنکاری و رق و کینەیەن. بڕوانە:

http://www.hawlati.co/?p=7826, accee: 3/9/2013

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، هەر لە وتاری سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردن ئەو زمانی "بە دوژمناندنی" ئۆپۆزیسیۆنی جختکردەوە و رێگەشی لەبەر ئەگەری بەرەوڕووبوونەوە واڵا کرد کاتێك وتی "گوێ نادەینە رەخنەی دووژمنکارانە و هەڵبەستراو ... وەك پارتی لە ئامادەباشیداین بۆ هەر رووبەڕووبوونەوەیەك."

بۆ بینینی دەقی وتارەکە، بڕوانە بۆ نموونە:

http://skurd.net/Dreje.aspx?B=1&id=7130, access: 3/9/2013

لە راستیدا تەنانەت چەند کاتژمێرێك دوای ئەم وتارەی بارزانی، وەکو ئەوەی ئەم قسەیە داگیرساندنی چرای سەوز بووبێ لە لایەن بارزانییەوە، کەش و هەوایەکی پشێوی لە هەولێر هاتە ئاراوە و بگرە مەترسییەکی جیدیش هەبوو لە هێرشکردنە سەر بارەگاکانی بزاڤی گۆڕان و ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی لە هەولێر. هەر نەبێ بە بۆچوونی هەندێك لە بەرپرسانی گۆڕان ئەم هەڕەشە و گرژییە یەکسەر پەیوەندی بەو وتارەی بارزانییەوە هەبوو.